# فەتواکانی لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان

# حوکمی گۆرینی پێوانە لە کرین و فرۆشتن

یەکێتی
زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
لیژنەی بالای فەتوا

إتحاد
علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
اللجنة العليا للإفتاء

بابەت : حوکمی گۆرینی پێوانە لە کرین و فرۆشتن .

ژمارەی فەتوا : ٢٠١٧/٥

بەروار : ١٤٣٨/٦/٣ _ ٢٠١٧/٣/٢ ز

بابەت کردن : بابەتەکانی سەردەم .

جۆری فەتوا : لێکۆڵینەوە .

فەتوادەر : لێژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان .

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی بالای فتوا
اللجنة العليا للإفتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

(( حوکمی گۆرینی پێوانە لە کرین و فرۆشتن ))

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ....فَسْـَٔلُوٓا۟ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾ النحل : ٤٣

سوپاس و ستایش بۆ خودای جیهانیان ، درودو سلاو لە بەرێزترین پێغەمبەر و لەسەر خانەوادەی و یارانی و پەیرەوانی ئەو بەچاکە تا رۆژی قیامەت .

دوای ئەوەی کۆمپانیای نەورەس بۆ بازرگانی گشتی بە نوسراویان ژمارە (٤٢) لە بەرواری ٢٠١٧/٢/٢٠ پرسیارێکیان ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوا کرد سەبارەت بەوەی کە ﴿ هەندێك لە بازرگانەکانی بازار فێربوون رۆنی بەستوی چێشت –کە تا ئێستا لە عورفی بازاردا بە کێشانە (کگم) فرۆشراوە– بە پێوانە و بە لیتر دەیفرۆشن بە هەمان ژمارە بەنمونە ١٢ کگم بە ١٢ لیتر دەفرۆشن و لە هەمان قوتووشدا کە پێشتر بەکێشانە تیایدا دەفرۆشراو بە نرخێکی تۆزێك کەمتر لەو نرخەی کە بەکیشانە پێیان دەفرۆشت کە ناکاتە ئەو جیاوازیەی کە لە نیوان کیشانەی ١٢ کگم و١٢ لیترەکەدا هەیە، ئایا ئەم کارە لە روانگەی شەرعیەوە دروستە؟ وە هەر ماددەیەکی دیکەی تریش لەو ماددانەی کە پێیان ناوترێت ماددەی شل یان ماددەی رەق وەك ماست ، هەنگوین ..هتد هەمان حوکمی هەیە ).

لێژنەی باڵای فەتوا پاش بانگهێشتکردنی نوێنەرانی کۆمپانیای ناوبراو بەمەبەستی رونکردنەوەی زیاتر و، دوایی لێکۆڵینەوەی ورد لەبابەتەکە و گەرانەوە بۆ سەرچاوەکانی فیقهی ئیسلامی و هاوشێوەکانی ئەم بابەتە لە سەرچاوەکاندا لە دانیشتنی رۆژی پێنج شەممە ٢٠١٧/٣/٢ گەیشتە ئەم فەتوایەی خوارەوە:

١. ئـەگەرچی لەیاساو بنەما فیقهیەکاندا هاتووە کە ( الأصل في المعاملات الإ باحة) مانای: بنچینە لە هەموو مامەڵەکاندا دروستییە، بەڵام پێویستە مامەڵەکان لە دەقە شەرعیەکان دەرنەچن و لەو مامەڵانە نەبن کە لە دەقە شەرعیەکاندا رێگریان لێکراوەو، هـەروەها پێویستە مـــەرجە شەرعیەکانیان تیادا رەچـاو بکرێت و، لـــە یـاســاو دارشتە(ضـوابـط) شەرعیەکان دەرنەچن" چونکە ئەو یاسا و دارشتە( ضـوابط) شەرعیانە لەکۆی دەق و

بەڵگە شەرعیەکان وەرگیراون، بەتایبەتی یاساو بنەما گشتیەکانی وەك(لا ضرر ولا ضرار) مانای: پێویستە موسوڵمان نە زەرەر بەکەس بگەیەنێت و نەزەرەری لیٚ بدرێت، وەهەروەها بە هیچ شێوەیەك هەڵخەڵەتاندنیان تیادانەبێت، چونکە وەك ئیمامی موسلیم ڕیوایەت دەکات « نهی رسول الله صلی الله علیه وسلم عن بیع الغرر» مانای: پێغەمبەری خوا –صلی الله علیه وسلم– ڕێگری کردووە لەمامەڵەو کڕین وفرۆشتنێك کە هەڵخەڵەتاندنی تیادا بێت.

٢. ئەصڵ لە شەریعەتی ئیسلامدا لەو کاڵایانەی دروستە مامەڵەیان پێوە بکرێت ئەوەیە: کە دەبێت لەکاتی کڕین وفرۆشتنیاندا عورفی جێگیر و بەردەوامی بازار تیایاندا ڕەچاو بکرێت ئەگەر لە بازاڕدا کاڵایەکە بە پێوانە دەفرۆشرا ئەوا پێویستە هەر بە پێوانە بفرۆشرێت، وە ئەگەر لە بازاڕدا کاڵایەکە بەکێشان دەفرۆشرا ئەوا پێویستە هەر بەکێشان بفرۆشرێت، وە ئەگەر لە بازاڕ دا کاڵایەکە بە ژمارە دەفرۆشرا ئەوا پێویستە هەر بە ژمارە بفرۆشرێت، وە پێویستە لەکاتی گۆڕینی ئەوعورفە لە هەر کاڵایەکدا– کڕیارو فرۆشیار– ئاگادارین لەو گۆڕانکاریەدا، وە نابێت هیچ نادیاریەك هەبێت لەکاڵاو کیش و ئەندازەکەیدا ئەمەش کۆدەنگی و( إجماعی) زانایانی شەرعی لە سەرە.

بە نموونە: ڕۆنی بەستووی چێشت –کە لە دەقی پرسیارەکەدا هاتووە – عورفی بازار ئێستا وەهایە کە بە کێشانە کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت، جا ئەگەر کەسێك یان کۆمپانیایەك بە پێوانە جا( لیتر) بێت یا هەر پێوانەیەکی دیکە بێت بیفرۆشێت پێویستە ڕوونی بکاتەوە بۆ کڕیارەکانی کە ئەو بە پێوانە دەیفرۆشێت.

٣. لە بەر ئەوەی ئەو کۆمپانیایانە ئێستا ڕۆن بە لیتر دەفرۆشن وە لە هەمان قوتوو و تەنەکەی جاراندا و بە هەمان قەبارە دەیفرۆشن وقەبارەی قوتوو تەنەکەکەیان نەگۆڕیوە نا دیاری لای کڕیاران دروست دەکات، کڕیار وادەزانێت هەر بەکیلۆ ڕۆنەکە دەکرێت، بۆیە پێویستە بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ کڕیاران ڕۆن بکەنەوە، وە یا لە سەر قوتووەکە بنوسن، بۆ نمونە: لە تەنەکەی دوانزە کیلۆیی بنوسن:(١٢ لیتر) =(١٠,٩٢٠کگم ) چونکە هەر لیترێك (٩٠ گرام) کیشی کەمترە لە (کیلۆگرامێك)، بە پێچەوانەوە نەزانراوی و هەڵخەڵەتاندن وفیڵ وتەرازووبازی دروست دەبێت و مامەڵەکەیان حەرام دەبێت ودەچێتە چوارچێوە فەرموودەکەی پێشوو کەباس کرا و بەر هەڕەشەی خوای پەروەردگار دەکەوێت کە دەفەرموێت: { وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ }المطففين – الآية:١.

٤. ئەم فەتوایە دەگونجێت بۆ هەر کالاو کەل و پەلێك شل بێت یان ڕەق .. هتد بە مەرجێك وەك وتمان ڕوون بکرێتەوە بۆ هەردوو لایەنی کڕیار و فرۆشیار.

بەکورتی: فرۆشتنی تەنەکەی ڕۆنی بەستووی چێشت بە لیتر دروست نیە، مەگەر بەشێوەیەك لە شێوەکان بۆ کڕیاران ڕوون بکرێتەوە، یان لەسەر تەنەکەکە بنوسرێت ئەم تەنەکەیە ئەوەندە لیترە کە یەکسانە بە ئەوەندە کیلۆگرامە ..... والله سبحانه وتعالى أعلم

لیژنەی باڵای فەتوا

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

هەولێر: ٢ / ئازاری ٢٠١٧ زاینی

٣ / جەمادی دووەمی ١٤٣٨ کۆچی



ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ٦٠مەتری ـ بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان ـ اربيل ـ الشارع الستيني ـ مقابل البرلمان
www.zanayan.org